**پێشینەیەکی کورت لە مێژووی ژیانی بەرێز کاك کەمال رەئوف لە دونیایی کاری رۆژنامەگەری** :

لە کوتای حەفتاکاندا بەهۆی کارکردنەوە لە چاپخانەی کامەرانی سلیمانی هەر زوو ئاشنای خوێندنەوەبوو , پاشان بەهۆی کاری سیاسیەوە و کارکردن لە چاپخانەیەکی نهینی لە کۆتایی هەشتاکاندا زیاتر ئاشنای نوسین و خوێندنەوەی ئەدەبیاتی سوسیالیستی بوو, لەدوای ڕاپەرینیشەوە بۆ کۆمەکی هەمان پرۆسە چاپخانەیەکی بچووکی نهینی لەمالەوەی خۆیان دروست کرد ,لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاورێیانی گۆڤاری شوڕشی کریکاریان پێدەر دەکرد .

لە کوتای نەوەدەکاندا چاپخانەی سەفوەتی دامەزراند کە بەهۆیەوە دەیان کتێبی بەشێوەی نهینی چاپ کرد کە زۆرینەیان وەرگێرانی ئەو بابەتانە بوون نووسەرەکانیان لەسەر ئاین توێژینەوەیان کردبوو , پاشان بەرێکەوتن لەگەڵ چاپخانە ڕەنج دەمج بوون ولەگەڵ کاك تاریق فاتیح خاوەن چاپخانەی ڕەنج و چەند برادەریکی تر بڕیاری ئەوەیاندا بلاٌوکراوەیەکی جدی و کاریگەر دەر بکەین تا لە کوتایدا هەفتەنامەی هاولاٌتی لەدامێنیدا لەدایك بوو. پاش سەفەر کردنی بۆ کەنەدا ڕۆژنامەیەکی بچوکی بەناوی هاولاٌتی نویەوە بەزمانی ئینکلیزی دەرکرد کەتا ئیستا 4 زمارەی لی دەرچووە وەئیستا بەشێوەیەکی کاتی کار لە ڕۆژنامەی گاردیان دەکات .

**دەنگەکان : بەرێزتان وەک یەکێک لە دەستەی دامەزرێنەرانی هەفتەنامەی هاولاٌتی ، چۆن ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی لە دوای ڕاپەرینەوە یان ڕاستتر لە دوای دەرچوونی ژمارە سفری هاولاٌتییەوە هەڵدەسەنگێنن ؟.**



**کەمال رەئوف**: سەرەتا هەروەك بەرێزتان لەمێژووی ڕاپەڕینەوە دەستان بەگفتوگۆکە کرد منیش بەخۆشحاڵیەوە لەسەرتادا ئەگەر بەکورتیش بووە حەز دەکەم قسەیەك لە سەر ڕاپەڕینەکە بکەم و لەوێشەوە هەوڵ بدەم وەلاٌمی پرسیارەکانی ئێوەی خۆشەویست بدەمەوە.

ڕەنگە ئەگەر زۆر دەقیق و وردبینانە نەبێت گەر بلێن بۆئێمە مێژووی پێش ڕاپەڕین و دوایی ڕاپەڕین دوو مێژووی لەیەکتر جیاوازن, ئەوا بەدڵنیاییەوە دەتوانین بلێن ڕۆژگاری ئەو دوو بەرواره بەتەواوەتی لەکتر جیاوازن, وە ئەگەر نەتوانین بلێن ڕاپەرین ژێرخانی کومەڵی گۆڕی ئەوا بەدڵنیاییەوە دەتوانین بلێن ڕاپەڕین سەرخانی کۆمەڵی کوردی بەتەواوەتی هاژاندو گۆرانکاری تیایدا کرد, چونکە ڕاپەرین توانی شۆرش لە شاخەوە بگوێزێتەوە ناو شارەکارەکان, دروشمەکان و لە ئاسمانەوە دابەزێنێتە سەر ئەرزی واقیع , هەروەها ڕاپەرین توانی خەونی دەسەلاٌتدارێتی کوردی بهێنێتە دی و لەبەردەم خەڵکدا لەمەحەکی بدات, بەکورتی ڕاپەڕین توانی مەحەك بێت بۆ ئەو هەموو بەڵێن و دروشمانەی کە بەدرێژایی سالاٌنی ڕابردوو دەوترا و دەوترایەوە, دیارە لەئاوا حاڵێکدا کە ڕاپەڕین و ئاکامەکانی هێندە کاریگەری لەسەرمان هەبووبێت و توانیبێتی سەرخانێکی نوێ بۆ کۆمەڵ فەراهەم بهێنێت دەبێت چاوەڕێی ئەوەشی لێبکەین کە لەڕوی ڕۆشنبیری و لەبواری ڕۆژنامەگەریشدا گاریگەری خۆی دابنێت, هەر بۆیە بەدوای ڕاپەڕیندا سەرشۆستەکان مەکتەبان پڕبوون لەبلاٌوکراوەو گۆڤارو ڕۆژنامەی نوێ بەجۆرێك کە ستەم بوو مرۆڤ بوارو کاتی ئەوەی هەبێت چاو بەهەمویاندا بخشێنێت , زۆربەی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی لەوسەردەمەدا دەردەچوون بەنەفەسێکی حیزبی یان بەمەبەستێکی سیاسی دیاریکراو دەردەچوون لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە بلێن هەر ئەوکاتە

هەوڵێك هەبوو بۆ دەركردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری سەربەخۆ و چەند دەستپێشخەریكی لەو جۆرەش ئەنجام درا ,هەربۆیە دەتوانین بڵێن هەفتەنامەی هاوڵاتی كە چەند ساڵ دوایی ڕاپەرین هاتە ئاراوە یەكەم ئەزموونی ڕۆژنامەی ئەهلی نەبوو لەدوایی ڕاپەڕینەوە, دیارە پێش ئەو پرۆژەیە گەلێك پرۆژەی ترو هەوڵی تری لەو جۆرە هەبوون, بەلاَم ئەوەی كە تارادەیە هاوڵاتی لەوانیتر جیاكردەوە ئەوەبووكە دەستەی دامەزرێنەری هاوڵاتی سەربە گروپێكی دیاریكراو كۆمەڵێك كەسی سەر بەیەك مەدرەسەو ئایدیۆلۆژیای دیاریكراو نەبوون, ئێمە هەموو یەكترمان بەجیاوازیەكانمانەوە قبوڵ كرد, پاشان دەستەی دامەزرێنەر هەموو لەسەر ئەوە پێكهاتین كە كۆمەكی حیزبە كوردیەكان بەتایبەت پارتی و یەكێتی وەرنەگرین , بەڕای من ئەو دووخاڵەش بنەڕەتی بوون بۆ ئەوەی كە پرۆژەی هاوڵاتی وەك دەركەوتنێكی نوێ لەبواری ڕۆژنامەگەری كوردیدا دەربكەوێت و نەیهێڵێت ببێتە پاشكۆی لایەنێكی سیاسی و سەربەخۆییو ئەهللی بوونی خۆیی بپارێزیت و تاڕادەیەكیش ئازایانە بتوانێت لەبواری ڕۆژنامەگەریدا دەوربببینێت, هەروەها دەكرێت بڵێن دەستپێشخەریەكی تری هاوڵاتی لەوسەردەمەدا ئەوەبوو كەتوانی لەهەردوو ناوچەی ژێردەسەلاَتی پارتی و یەكێتی بلاَو ببێتەوەو لەیەك كاتدا لەهەردوو ناوچەكە دەستەی نووسەرن پێك بهێنێت ئەمە لەگەڵ ئەوناوچانەی كە كەوتبوونە ژێر هەژموونی هێزە ئیسلامیەكانەوە, گرنگی هەفتەنامەی هاوڵاتی لەو سەردەمەدا زیاتر لەوەدابوو كە هاوڵاتی لە ڕۆژگارێكدا دەرچوو كەسەردەمی شەڕی ناوخۆو بارگرژیی سیاسی لەڕادەبەدەربوو, كوردستان كرابوو بەچەند پارچەوە هەر ناوچەیەكیش لەژێر ڕەحمی لایەنێكی سیاسیدابوو ئەمە كارێكی ئاسان نەبوو كە بتوانرێت هاوسەنگی لەنێوان هێزەكاندا ڕاگیرێت و نەی هێڵێت بكەویتە بەر شالاَوی لایەك لەلاشەڕكەرەكان, هەر بۆیە سەرباری دەستكورتی مادی و ڕێگری و گرفتەكانی تر هاوڵاتی بەرەو ڕووی فشارێكی زۆر ببووەوە, بەلاَم لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەیویست ببێتە پردێك بۆ بەیەكەوە بەستن و گرێدانەوەی ئەو دابەش بوونە, سەرەتا هەر لایەنەو تۆمەتی داردەستی ئەوی تری ئەخستە پاڵی تەنانەت گەر هاوڵاتی چاوپێكەوتنێكی لەگەڵ هەر كەسایەتیەكی سیاسیدا بكردایە ڕۆژی دواتر بێ سێ و دوو دەوترا هاوڵاتی سەر بەو لایەن و كەسەیە, پاشان ئەوكاتە خەڵك وا ڕانەهاتبوون بەناوی خۆیانەوە ڕەخنەكانیان ئاراستەی دەسەلاَت بكەن خەڵك لەقەساوەتی دەسەلاَت دەترسان نەیان دەتوانی بەئاشكرا قسەكانی خۆیان بكەن, گوێ دەسەلاَتیش ڕانەهاتبوو ڕاستەوخۆ و ڕاشكاوانەگوێی لە ڕەخنەو گازندەی جەماوەر بگرێت زۆرێك لە نووسەرو هاوكارانی لەسەر بابەت و هەواڵێك توشی گرفتی گەورە دەبوون هەر ڕۆژەو لەسەر بابەتێك كۆلێك هەڕەشەو قسەی ناخۆشمان بۆدەهاتە ژوورەوە, بەلاَم لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هاوڵاتی بەكۆمەكی كۆمەڵێك لە خەڵكی ڕۆشنبیرو ئازادی خوازی ناوەوەو دەرەوەی كوردستان كە لەوانەش دەوری بەرچاوی كۆمەڵەی ئێران كە مەكینەی چاپەكەیان بێ بەرانبەر خستە پرۆژەكەوەو هاوڵاتیش توانی بەردەوام بێت وبەردی سەرەتای پرۆژەیەی ڕۆژنامەیەك دابمەزرێنێت كە جیاوازبێت لەو تەقلیدەی كە تاڕادەیەك مەرج بوو دەبوو ڕۆژنامە هەر سەربەحیزب و لایەنێكی دیاریكراوبێ و ئاسۆو ئامانجەكانی بە دەسەلاَت و حیزبەوە بەستراببێتەوە, دیارە لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هاوڵاتیش وەك هەر پرۆژەیەكی تر بێ كەموو كوڕتی و بێ خەوش نەبوو كە من پێم باشە بەگوێرەی توانا لەوەلاَمی پرسیارەكانی ترتاندا دەكرێت تیشكێش بخەینە سەرلایەنی ئەو كەموو كورتیانە.

سەبارەت بەلایەنێكی تری پرسیارەكەتان كە تاڕادەیەك بەراوردكرن و هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ڕۆژنامەگەری كوردییە بە دەرەوەی خۆی , من پێم وایە بەڕاستی لەگەڵ ئەوەی كە كۆمەڵێك هەوڵ و تەقەلای باشیش هەیە لەبورای ڕۆژنامەگەریدا, سەرباری ئەوەی كە ئێستا هەر هاوڵاتی نییە بەتەنها لەمەیدانەكەدا, بەلاَم لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ڕۆژنامە و هەلومەرجی ڕۆژنامەگەری كوردی لە بوارێكدایە كەناكرێت بەراوردی كەین بەبواری ڕۆژنامەگەری سەردەم, ئەمرۆ لەجیهان ئیتر كەمتر باوی ئەوەماوە كە ڕۆژنامە تەنها تەعبیر بكات لە گروپ و لایەنێكی دیاریكراو, ئەمرۆ زۆر كەم ئەوە دەبینیت كەڕۆژنامە كاری پیاهەڵدانی سەركردەو جێگای تەبریرهێنانەوەی هەڵەی حیزب و سەركردەو دەسەلاَت بێت , ئاخر ڕۆژنامە تەقلیدی وحیزبیەكانی ئێمە كەتاڕادەیەك زۆرایەتین زۆرترینیان هەموو ڕۆژە ئەوە كارو پیشەیانە ولاپەڕەكانیان تەرخان كردووە بۆ وێنەی سەركردەو شتگەلێك كە كاری هەركەس و كاری هەرشتێك بێت كاری ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووسان نییە,هەرچی ڕۆژنامە

ئەهلییەکانیشە بەتایبەت هەفتەنامەی ئاوێنەو هاولاتی کەلەنزیکەوە کەمتازۆرێك ئاگاداریانم, پێناچێت وەزعیان زۆرباش بێت, دیارە لەووتنی ئەو قسەیە مەبەستم ئەوە نییە لێرەدا رەخنەیان بکەم, بەڵکە مەبەستم ئەوەیە کەتاکو ئێستا ئەوو دوو هەفتەنامەیە کەزۆرتر ناسراون , ئەگەر کۆمەکی مادیان نەکرێت لەدەرەوەی پرۆژەکە ئەوا ناتوانن لەسەر پێی خۆیان بووەستن, ئێمە ناتوانین دڵی خۆمان بەوەخۆشبکەین کە ڕۆژنامەیەکی کوردی هەیە توانیوویەتی سەرنجی ڕێکخراوێك یان کەنیسەو گروپێکی دەرەوەی بۆخۆی ڕاکێشاوەو دەتوانێت بەکۆمەك و پشتیوانی ئەوان بەردەوامی بەکارەکانی خۆی بدات, رەنگە ئەمە بۆسەرەتا شتێکی تاڕادەیەك ئاسایی بێت, بەلاّم ئەمە گرفتێکی گەورەیە کە ڕۆژنامەیەکی وەك هاولاّتی یان ئاوێنە لەناو میللەتێکی چەندملێونیدا هەفتانە نەتوانن ڕێژەی فرۆشیان بەرنە سەرو پانزە هەزارەوە, من لەم دورگەیەیی تیایدا دەژیم کە ڕێژەی هەموو دانیشتوانەکەی ناگاتە 150 هەزار کەس ڕۆژنامەی گاردیان بەووتەی سەرنووسەرەکەی ڕۆژانە 24 هەزار دانەی لێدەفرۆشرێت, ئەمە جگە لەو هەموو ڕاگەیاندن و بلاّوکراوانەی تر کەتیایدا بە نرخێکی گران ڕۆژانە بلاّو دەکرێتەوە, ئەگەر ئێمە بەراوردێك لەنێوان ئەو دوو ژمارەیەدا بکەین لەگەڵ بەراوردی ڕووبەری دانیشتوانەکەیاندا جیاوازیەکی گەورە دەبینین, وەناشکرێت هەموو هۆکارەکانی ئەووەزعە بخەینەوە سەر شانی خەڵك و ئاستی هوشیاری خەڵك چونکە هەفتەنامەی هاولاّتی وا پێدەنێتە حەوت ساڵەی تەمەنی خۆیەوە کە دەکرا ئێستا لەوەزعێکی زۆرباشتردا بوایایە هیچ نەبووایە بەدرێژای ئەو تەمەنە بیتوانیایە ببوایەتە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە.

ڕۆژنامەی ئەهلی وەك هەرکارێکی تر بۆبەردەوامی خۆیی پێویستی بەداهات و قازانجە, بەتایبەتی لە کوردستان کە هەموو شتێك بەبازارو سیاستەوە لەژێر رەحمەتی حیزب و دەسەلاّتی خیزبدایە هەر بۆیە پێویستی بە پیلانی وورد هەیە چونکە زیادە ڕۆیی نییە گەر بلێن لەلای ئێمە سەرباری ئەوەی کە ڕۆژنامەی ئەهللی بەرەوەو ڕووی گرفتی نەبوونی بازارو نەبوونی یاسایەکی تەندروست وئازاد دەبێتەوە, لەهەمان کاتیشدا لە گەڵ تەقلیدو ڕۆژنامە تەقلیدی و حیزبیەکان کە پشتیان بەستووە بەداهاتی حیزب و دەستەلاّت بەرەو ڕوو دەبێتەوە, بۆئەوەی لەپرسیارەکەی ئێوەش دوور نەکەوینەوە بەکورتی دەتوانین بلێن بواری ڕۆژنامە گەری کوردی دەکرێت بەدوو بەشەوە, بەشێکیان ئەو ڕۆژنامەو پرۆژەو میدیایانەن کە ئازادو سەر بەخۆو ئەهلین, کە بەهەموو کەموو کورتیەکانیانەوە ئومێیان پێدەکرێت, بەشەکەی تریش ئەو ڕۆژنامانەن کەتاسەر ئێسك دەستیان بە تەقلیدو پاشکویەتی حیزبیەوە گرتووە و ناکرێت لە بواری ڕۆژنامەگەریدا نەك هەر ئومێدیان پێی بکرێت بەڵکە هۆیەکیش بزانرێن بۆ داواخستن و پێشنەکەوتنی ڕۆژنامە ئەهلییەکان کە ئومێد دەکرێت لەڕێگەی ئەوانەوە ئاست و بواری ڕۆژنامەگەری کوردی ببرێتە ئاستێکی باشترەوە.

**دەنگەکان : ئەکرێ وردتر پەنجە بخەیتە سەر ئەو فاکتەرو کێشانەی کە وایکردووە ڕێژەی فرۆشی ڕۆژنامەکان لە چاو ژمارەی دانیشتوان بەرێژەیەکی بەرچاو لە خوارە وە بێت؟**

**کەمال رەئوف**: ڕەنگە ئاسان نەبێت بتوانین لەوەلاّمێکی کورتدا پەنجە بخەینە سەر هەموو ئەو هۆکارانەی کەوایان کردوە خوێنەری ڕۆژنامە لەکوردستاندا تاڕادەیەك کەمبێت , بەلاّم لە گەڵ ئەوەشدا هێندەی بکرێت چەند خاڵێکی کاریگەر لەو ڕووەوە باس دەکەین .

ئاشکرایە لە پێش ڕاپەڕیندا دابڕانێکی فراوان لەنێوان جەماوەر و ڕۆژنامەکانی ئەو سەر دەمەدا هەبووە, ئەو دابڕانە کەمتر پەیوەست بوو بەخولْقەتی خوێنەرەوە هێندەی پەیوەست بوو بە باری خراپی ڕۆژنامەگەری ئەو سەردەمەوەو کەراهیەتی خەڵك بۆ حیزب و دەسەلاّتی بەعس. ڕۆتینیاتی ڕۆژنامەی تەقلیدی و حیزبی خراپیەکەی هەر ئەوەندە نییە کە بوقی لایەنێکی دیاریکراوەو پشتی لە جەماوەرە, هەر ئەوەنییە کە خۆێنەری جدی دروست ناکات, بەڵکە ئەو زیانە گەورەیەشی هەیە کە جەماوەری خوێنەری ڕۆژنامە لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە دەتۆرێنێت و دابڕانێکی گەورە لەنێوان

جەماوەرو ڕۆژنامەدا دروست دەکات , دابرانێك کە لە درێژماوەی خۆیدا دەبێتە سونەتێك کە چیتر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە لای خەڵك تەنها بەکەڵکی سفرەی نانخواردن و شتسڕین بێن, ئێمە لە ڕۆژگاری خۆماندا کە چاومان هەڵهێنا تەنها ئەو ڕۆژنامانەمان بینی کە لاپەڕەکانی هیچ شتیکی بۆ ئێمە تیانەبوو , کە ڕاپەڕینیش ڕویداو هەلومەرجێکی نوێ هێنایە ئاراوە کەچی بەداخەوە حیزبەکوردیەکان هەمان ئەزموونی ڕۆژنامەگەری پێش ڕاپەڕینیان  گرت بەدەستەوە, کەم نەبوون ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارە حیزبیانەی کە هەموویان بە یەك نەفەس و ئەقلێتەوە دەردەچوون  ئەوان لەکاری ڕۆژنامەگەریدا هێندەی سەرقاڵی کاروباری حیزبی و سیاسی خۆیان بوون هێندە بەخەمی هەلومەرجی ڕۆژنامەگەریەوە نەبوون هەربۆیە ئەوان نەك هەر ئاشبوونەوەیان لەنێوان جەماوەرو ڕۆژنامەدا دروست نەکرد بەڵکە بەهۆی گرفت و کێشە سیاسیەکانی خۆیانەوە بەجۆرێك لەجۆرەکانیش بوونە هۆیەك لەهۆیەکان بۆدابڕان ودابەش بوونی خوێنەری ڕۆژنامە بەشێوەیەکی سیاسی .

سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەی  بەڕێزیشتان , ئەگەر چاو لە لایەنی ئابووری وداهات و دەستکەوتی خەڵکی کوردستان بپۆشین , ئەگەر چاو لە ئاستی ڕۆشنبیری و تەعەلوق بوونی خەڵك بە ڕۆژنامەوە بپۆشین ,هەروەها ئەگەر چاو لە نەبوونی کادرو پسپۆڕی بواری ڕۆژنامەگەری ئازاد بپۆشین, دەتوانین لە پاڵ ئەوانەشدا گەلێك هۆکاری تریش ببینینەوە کە ئەوانیش بۆ خۆیان کەم کاریگەر نەبوون و نین لە سەر بردەنە سەرەوەی ڕێژەی خوێنەری ڕۆژنامە بەگشتی و ڕۆژنامە ئەهلییەکان بەتایبەتی.

کومەڵگەی ئێمە چونکە کۆمەڵگەیەکی حیزبیەو دابەش بوونی حیزبی هەیمەنەی خۆی هەیە بە سەر بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی خەڵکەوە  هەروەها چونکە حیزب و دەسەلأت ڕۆژنامە ئەهلیەکان بە دژی بەرژەوەندی خۆیان دەبیننەوە و حەزیان بە بچووکبونەوەو پوکانەوەی ئەوانە , ڕەنگە ئیتر ئەوەندە بەس بێت بۆ ئەقڵی حیزب و دەسەلأتێك کە هەرچی لەدەرەوەی دەسەلأتەکەی خۆی بوو بەدژمنی بداتە قەڵەم , تا ئێستا بۆ حیزبی کوردی تەقلیدی لەنێوان بوونە بە ئەندام بوون و دژایەتی کردندا فاسیلەیەك نییە , ئەوە گرفتێکی گەورەیەی حیزبە کوردیە باڵادەستەکانی کوردستانە کەتا هەنووکە پروپاگەندەی ئەوەدەکەن و لەهەوڵی سەلماندنی ئەوەدان کە گوایە هەر کارێك لەدەرەوەی دەسەلأتی ئەوان بکرێت ناتوانێت خزمەت بەخەڵك بکات, لەمەڕ سۆنگەی ئەو بیر کردنەوەیەشیانە دەبێت هەر حیزبە و بەجیا , ڕێکخراوی ژنان و لاوان و خوێنکاران و کرێکاران و جوتیاران ...هتد هەبێت, ڕۆژنامەی ئەهلی لەگەڵ ئەم ئەقڵێتە تۆز لەسەر نیشتووە بەرەوڕووە, ئەمە جگە لەو هەموو تەڵەو فاقە قانونی و سیاسیانەی کە بەدەستەوە گیراوە لەبەرانبەریاندا  ئیتر شتیکی ئاساییە کە حیزب و حیزبیە تەقلیدیەکان  کار لەسەر ئەوە بکەن کە خەڵکی خۆیان هان بدەن لەو ڕۆژنامانە دوربکەونەوە و خۆشیان بەبەرنامەیەکی داڕێژراو کار لەسەر ئەوەبکەن ئەو ڕۆژنامانە مەحروم بکەن لەبەدەست ڕانەگەیشتنی هەر هەواڵ و دەنگوباسێك کەتاڕادەیەك گرنگی زۆری هەبێت بۆخوێنەران کە دیارە ئەمەش کاریگەری خۆی دەبێت  لەسەر هەموو بوارەکان, من هەر ئێستا بەشێوەیەکی کاتی لە ڕۆژنامەی گاردیانی ئەم مقاتعەیەی خۆمان کاردەکەم , زۆر بەسانایی ئەو کار ئاسانیانە دەبینمەوە کە کار بەدەستانی ئێرە بۆ ئەو ڕۆژنامەیەی دەکەن, هەفتانە لە ڕێگەی نامەوە هەموو جەلسەکانی دادگایان پێدەگات, کاربەدەستان هەرکەسێکی بەرپرس ملی بگریت نالێت ئامادەنیم وەڵامی پرسیارەکانتان بدەمەوە. ئازادی لە گەران و کار ئاسانی بۆ دەست ڕاگەیشتن بەهەواڵ و زانیاری پێویست و کردنەوەی دەرگاکان بە ڕووی ڕۆژنامە نوساندا گەلێك ئەهمیەتی هەیە کە بەداخەوە تاکو ئێستا لای ئێمە وانییە, بەشێکی  تری گرفتی فرۆشتنی ڕۆژنامە  پەیوەندی بە شێوازی دابەشکردنەوەهەیە لای ئێمە تاکو ئێستا سیستەمێکی ڕێکوپێکی پۆست و گەیاندن نییە , خەڵك وابار نەهاتوون کە بەیانیان یان لەکاتی خۆیدا ڕۆژنامەی بگەیەنرێتە دەست , خوێندنەوەی ڕۆژنامە کەم تازۆرێك ڕوخساری ڕێکەوتی وەرگرتووە یان وورتر بلێن چونە سەرەوەی ڕێژەی فرۆشتنی ڕۆژنامە زۆر جار پەیوەست دەبێت بەهەواڵێك یان بابەتێکەوە کە لە ژمارەیەکدا بلأو دەکرێتەوە.

مەسەلەیەکی تر کە پەیوەند بەو کێشەیە گرنگی هەیە ئەویش دیسانەوە چۆنیەتی مامەڵە کردنی دەسەلأتە لەگەڵ هەواڵ و داواکاری و ئەو پێشنیارو داخوازیانەی کە لە ڕۆژنامەکاندا بلأو دەکرێنەوە, کاتێك جەماوەر دەبینێت ڕۆژنامە ناتوانێت

کاریگەری لەسەر ئەقلێتی دەسەلاٚت دابنێت, کاتێك دەزانرێت کە گرنگیەکی ئەوتۆ بەدەسەلاٚتی ڕۆژنامە لەلایەن دەسەلاٚتەوە نادرێت, کاتێك غیرەتی دەسەلاٚت و دادپەروەری دەسەلاٚت لەبەرانبەر داخوازی هاولاٚتیاندا توشی چەقبەستن و بەستەڵەکی هاتووە, ئیتر خوێندنەوەو نوسین و بەشداریکردن لە ڕۆژنامەدا لەلای جەماوەر دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

**دەنگەکان** : **ئایا ڕۆژنامەگەری کوردی توانیویەتی تەفسیرێکی نوێ بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی کۆمەڵ لە بەرانبەر ئایدیۆلۆژیا باوو سواوەکان بێنێتە دەرەوە.**

**کەمال ڕەئوف**: ڕەنگە ئەگەر بلێن نا لەو ڕەووەوە کارێك نەکراوە ئەوا ناحەقیەك دەرهەق بەو هەموو هەوڵ تێکۆشان و ماندوبوونانە بکەین کەلەچەندسالی ڕابردوودا کراوەو ئەوانەش کەهەر ئێستا هەیە, هێنانی خەتێکی ڕاست و چەپە بەسەر هەمووشتێکدا بۆ ئەو تەفسیرە دروست نییە, بەلاٚم بەکورتی دەتوانین بلێن لە ئاستی پێویستدا نەبووە, چونکە ئەگەر بەوردی سەیر بکەین ڕۆژنامە نوسانی کورد بەبەرنامەو ووردەکارییەوە کاریان لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ئایدلۆژیا کۆنەکان نەکردوە, تۆ سەیر بکە هەواڵەکان چۆن لە ڕوو پەڕی ڕۆژنامەکاندا دادەڕێژرێن , مرۆڤ کە هەوالی کوشتنی ژنێك یان لاوێك, کەسێك دەخوێنێتەوە لە ڕۆژنامەکاندا تاڕادەیەك ئاسایی دێتە پێش چاو, چونکە خودی داڕشتنی هەواڵەکەو بەدوادا نەچوونی ڕۆژنامەکەو کورتی و گرنگی نەدان بەهەواڵەکە وا لە خوێنەر دەکات کە وەك شتێکی عابرانە سەیری ئەوحاڵەتە بکات, ئەم حاڵەتە ئەگەرێتەوە بۆ هەژاری و دەست نەگەیشتنی زیاتری هەواڵ لەوبارەیەوە یان گوێی نەدانی ڕۆژنامەکە بە کێشەکە چونکە کێشەی لەو جۆرە زۆرەو هەمە ڕۆژەیە, ئەوانە بۆمن گرنگ نییە, بەڵکە گرنگ ئەوەیە موسیربوون و گرنگی دانی ڕۆژنامەکە بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی ئەوحاڵەتانە وادەکات کە گوێی گرانی بەرپرسان و ئیدارەی کوردی بێتە بیستن , چونکە لەڕاستیدا بەرپرسانی ئێمە نەك لەبەرانبەر کێشەی هاولاٚتیاندا توشی گوێ گرانی هاتوون بەڵکە هەردوو گوێیان ئاخنیوە تالەو بارەوە شتێك نەبیستن, بەکورتی ئەتوانین بلێن ڕۆژنامە ئەهلیەکان زۆرێك لە کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتیەکانیان نیشان داوەو خستۆتە ڕوو, ڕەخنەگەلێکی زۆریان لەسەر بێلیاقەیی دەسەلاٚت و فەسادی ئیداری وبالاٚدەستی حیزب و پاشاگەردانی چەند سالی ڕابردوو نیشان داوە, قسەیەکی زۆر لەسەر نەبوونی ئاوکارەباو سوتەمەنی کردوە , بەلاٚم لەپاڵ ئەوەدا تاکوئێستا نەیان توانیوە سەرنجی شەقامی کوردی بەلای خۆیانا دا بەجۆرێك لەجۆرەکان ڕاکێشن کە دەسەلاٚت سڵیان لێ بکاتەوە وبەناچاری وەك ئەمری واقع مامەڵەیان لەگەڵ بکات.

**دەنگەکان** : **ئاسۆی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی کوردی چۆن دەبینی؟**

**کەمال ڕەئوف**: سەبارەت بە پرسیار لە سەر ڕۆژنامەگەری ئەلەکترۆنی کوردی, بەدەر لەوەی کە قسە لەڕادەی ئاستی پێشکەوتن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەم بکەین ,لەڕستیدا من وەك خوێنەرێکی کورد تاکو ئێستا نەم توانیوە بۆ زانینی هەواڵ و ڕووداو تەنانەت لەسەر کوردستانیش سود لەهیچ ماڵپەرێکی کوردی وەر بگرم, ووتنی ئەمە شتێکی تاڵە بەلاٚم ڕاستەو دەبێت بلێن کورد تاکو ئێستا ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی وای نییە کەبۆ هەواڵ و بەدواداچوون دەستبدات, ئەوەی کە هەیە زیاتر کاری کۆمەڵێك خەڵکی ماندوونەسان و لەسەر حسابی هیلاکی و ماندووبوونی خۆیان وەك سەرەتایەك کارێکیان کردوەو پشتیان بەو نووسین و بابەتانە بەستوە کە بەشێوەی ڕۆژانە لەرێگەی ئیمەیلەوە بۆیان دەچێت, کار گەلێکی لەو شێوەیە بەهەموو جوانیەکانیەوە ناتوانێت جێگەی ماڵپەڕی ئەلەکترۆنی جدی بگرێتەوە کە دەتوانێت بەشێوەیەکی خێراو

كتوپڕ هەواڵەكان پەخش دەكات ,  ڕۆژنامەی ئەلەكترۆنی  لەچەند ڕووە وە شانسی زیاتری هەیە لە ڕۆژنامەی كاغەزی لە ڕووی كاری ڕۆژنامەوانیەوە, وەك ئەوەی كە دەتوانێت بەشێوەیەكی خێراتر هەواڵ  زانیاریەكان بگوێزێتەوە یان بە تێچوونێكی كەمتر كارەكانی خۆی بەئەنجام بگەیەنێت, و كەمتر بكەوێتە بەردەم ڕەشەبایی هەڕەشەی دەسەڵات و لێپرسینەوە, بەلاّم بەداخەوە تاكو ئێستا ئێمە نەمان توانیوە دەستم ڕابگات بە ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی جدی.
سەیركردنێكی خێرایی ماڵپەڕە غەیرەكوردیەكان ئەو ڕاستیەمان زیاتر بۆئاشكرا تر دەكات كە ڕۆژنامەگەری ئەلەكترۆنی كوردی چەند هەنگاو لەدواوەیە,  كاتێك خوێنەرێكی كوردی بۆ خوێندنەوەی هەر هەواڵێك  تەنانەت لەسەر  كوردستانیش بێت دەبێت لەپێشدا سەردانی ماڵپەڕە غەیرە كوردیەكان بكات ئیتر ئەوە ماڵوێرانیەكی تەواوەتیە كە من هەواڵێك لەسەر شارو ناوچەكەی خۆم دەبێت بەزمانێكی غەیرە كوردی بیخوێنمەوە,ئەمە جگە لەوەی كەچەندین ڕووداو كارەساتی گەورە ڕویان داوە لە ناوچەكەدا كەچی ماڵپەڕە كوردیەكان مێشێكیش میوانیان نەبووە, چەند هەفتە لەمەو بەر ئەو ڕووداوەی ڕویدا لەناوچەی نەجەف كە پتر لە سێ سەد كەسی لەژن و منداڵ و سەربازانی ئاسمانی تیادا قەتلّو عام كرا تەنانەت ماڵپەرە حیزبیەكانیش كە بەحساب نیوەی دەسەلاّتی بەغدادیان بەدەستەوەیە شتێكیان لەسەر نەووت, هەر بۆیە لەحاڵی ئێستادا گەر ڕەشبین بین لەوەزعی گشتی ڕۆژنامەگەری ئەلەكترۆنی كوردی ناحەقمان نییە كە ئومێد كەم لە ئایندەیەكی نزیكدا كارێكی پێویست لەو ڕەوەوە بكرێت.